بایەکانی کوردستان

پرۆفیسۆر د. محەمەد موکری

# بایەکانی کوردستان

(لێکۆڵینەوەیەکی کەشناسیو میتۆلۆژیو زمانناسییە)

وەرگێڕانی لە فەرەنسییەوە

د. موحسین ئەحمەد عومەر

سلێمانی / 2004

زنجیرەی کتێبی دەزگای چاپو پەخشی سەردەم
کتێبی گیرفانی ژمارە ( 47 )

سەرپەرشتیاری گشتیی زنجیرە
ئازاد بەرزنجی

# بایەکانی کوردستان

نووسینی: پرۆفیسۆر د. محەمەد موکری
وەرگێڕانی: د.موحسین ئەحمەد عومەر
بابەت: لێکۆڵینەوە
بەڕێوەبەری هونەری: شیروان تۆفیق
مۆنتاژی کۆمپیوتەری: سەیران عەبدولرەحمان
هەڵەچنی: سازان قادر حمە صالح
تیراژ: 600 دانە
ژمارەی سپاردن : 318 ی 2003

**مافی لە چاپدانەوەی ئەم کتێبە بۆ**
**دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم پارێزراوە**

www.sardam.info

## با یان بایەکانی کوردستان

ئــەم لێکۆڵینــەوەی بەردەســت تــا ئێســتا یەکەمین لێکۆڵینەوەیە کە تەرخان کرابێ بۆ ئەو تێڕامانەی پەیوەندییان بە هەموو جۆرە بایەك هەبێ لە ناوچە دێهاتیەکانی کوردستان، لە بەشی ڕۆژئاوای فارس.

لە ژیانی جووتێری، ناسینی بایەکان و کات و ساتی هەڵکردنیان ڕۆڵێکی گرنگیی هەیە و جوتیاری کورد نرخ و بەهای دەزانێ، لێرەوە ئێمەش هەوڵدەدەین لە گەلێك ڕووەوە: ئاودێری، زماننناسی، فۆلکلۆری و لە هەمووشی بە بایەختر لە ڕووی کەشناسییەوە لێی بکۆڵینەوە.

بزووتنـــەوە و جێگـــۆڕکێی تەوژمـــەکانی ئەتمۆسفێر کە بە هۆی مەڵبەندەکانی فشاری چڕ

دروست دەبن، خاسییەتێکی تایبەتی دەدەنە ئەو ناوچە شاخاوییانەی ئێران: لێرەوە شتێکی سەرنجڕاکێشە نەك هەر تەنیا گرنگیی بە تەوژمی بایە گشتییەکان بدەین، بەڵکو تەوژمە ئەتمۆسفێرییە ناوچەییەکانیش سەرنجڕاکێشن و کاریگەری ناوێزە و تایبەتی خۆیان لەسەر شێوازی ژیانی مرۆڤ و گیانەوەر و ڕووەك هەیە. هەموو دۆڵێك بە پێی هەڵکەوتی جوگرافی و ئاراستەی بەرامبەر بە خۆر، جیاوازییەك لە پلەی گەرمی و ساردی و بەرزی و نزمی فشار پێشکەش دەکەن کەوا دەکەن ئەم دۆڵانە ببنە مەڵبەندی تایبەتی بایەکان.

شتێکی ئاساییە کە پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆ لە نێوان چیاکان و ئاراستەی بایەکان هەیە. چیای زاگرۆس، کە دەکەوێتە لێواری ڕۆژئاوای بانی ئێران، لە شێوەی چەند زنجیرە چیایەکی بەرامبەر یەك و تەریب درێژدەبنەوە و بەشێکی گەورەی کوردستان دادەپۆشن، ئەمەش لە باکوورەوە بۆ باشوور. لە باکووری ئەم هەرێمە چیای ئارارات هەیە. لە بەشی باکووری

**ڕۆژئـاواش ئـەو شـاخانە هـەن کـە چـواردەورەی دەریاچـەی وان دەدەن. هەرچـی ڕووی ڕۆژئـاوای چیای زاگرۆسـە، تـا میزۆپۆتامیا و دەشـتەکانی ڕووباری دیجلە درێژدەبێتەوە. ناوچە گەرمەکانی کەنداوی فارس سنووری باشـووری ئـەم زنجیرە چیایانە پێکدەهێنن.**

**لەم پەیوەندی و شێوە ئۆرۆگرافییە (زانستو هەڵکـەوتی چـیاکان)یـە کـە بایـەکان هەڵدەکـەن و نەژادی جیاوازی دوور و ناوچەییان هەیە.**

**ئـــەو بایانـــەی لـــە باشـــوور و ناوچـــە ئیسـتیواییەکان (Equatoriale) دێـن هەنـدێ جـار تووشـی بایـە ساردەکان دەبـن و تێکـەڵی یـەکتر دەبن.**

**لـە ناوەڕاسـتی هـەمان ئـەم زنجـیرە چـیایانە، دەروازە و پێچ هەن ئاراستەی بایەکان دەگۆڕن و لە هێزی تەوژمەکان کەم دەکەنەوە. بۆیە دەبینین هەنـدێ جـار لـە گونـدێکی چیانشـینی کـورد، بەشێکی ئەم گوندە لە بەشەکەی دیکە گەرمتر بێ و بە هـەمان کاریگـەر ژیانیش تێیـدا جیـاواز بێ، لـە سـۆنگەی ئەمـەوە دەبیـنین ناولێنـانی بایـەکی**

دیاریکراو بە هەمان شێوە بە پێی هەڵکەوتەکە جیاواز بێ.

لە ناوەوەی ئەم دەروازە و پێچانە دۆڵەکان پێکدێن و ئاو و هەواشیان بە گوێرەی ئەو بایانەی تێیدا دەسووڕێنەوە دروست دەبێ و پاشان بزووتنەوەی گەرمیان و کوێستانیش لەژێر هەمان کاریگەر دەگونجێ و پێکدێ کە هەزاران ساڵە وەکو خۆیان بێ گۆڕان ماونەتەوە.

ڕێگای مەزنی شاهانەی داریوش (بەشێك لە ڕێگای حەریر- وەرگێڕ) لە بەغدا بۆ ئەکباتان (=هەمەدان) ئەمڕۆش نەك هەر ڕێگای پەڕینەوەی مێگەلی مەڕوماڵاتە بەڵکو ڕێگای کۆمەڵانی خەڵکی کۆچەریشە، چونکە تاقە دەروازەی والایە لە نێوان زنجیرە چیاکانی زاگرۆس. (دەروازەی پاتاق).

ئەگەرچی کوردستان بە هۆی خاکەکەی ئاووهەوایەکی چیایی هەیە، بەلام مەرجەکانی ئەم ئاووهەوایە کە لە ڕێگای بایەکان دروست بوونە، دیمەنی ئەم هەرێمە (کوردستان -و-) زۆر دەگۆڕن. لە باکووری کوردستان، لە هەرێمە

کوردییەکانی ئازربایجانی ڕۆژئاوا کەشێکی زۆر سەخت هەیە، بایەکان بە هووروژمێکی سەختی چـــاوەڕوان نـــەکراو تێدەپـــەڕن، لەبەرئـــەوە زســـتانێکی ئـــازاردەر و ســـەختی هەیـــە و لـــە سەرەوەی توانای مرۆڤە.

لـە ناوچـەی مەرگـەوەڕ، لـە ڕۆژئـاوای ورمـێ، توندوتیـــژی بـــا لـــە زســـتان ئەوەنـــدە بـــەهێزە، دەتوانین بەم نموونەی خوارەوە هێزەکەی پیشان بدەین، لە زستانی ساڵی 1931، لە گوندی دێـزە (Deza) ژنێـک لـە حەوشـەی ماڵەکـەی خـەریکی نانکردن بوو، با بردی و پەنجا مەتر تێیهەڵدا و لەولاتر خستیە ناو بەفر.

لـــە ناوچـــەی تیلـــەکۆ، لـــە ناوەڕاســـتی کوردستان، لە نێوان سنە و سەقز، لەو شوێنەی کـە بـەرزترین بـانی کوردسـتان پێکـدەهێنێ، بایەکانی ئەو ناوچەیە بۆ ماوەی هەشت مانگی ساڵ دەکەنە چۆڵەوانی و بیابان، لە هەندێ دۆڵی کراوە بە ڕووی بایەکان هەندێ جار جێ جێ بە بـەرزایی دە مـەتر بـەفر کۆدەکەنـەوە. تیلـەکۆ و چیای پەنجەعەلی سنەکۆ و چل چەشمە کە چوار

هــەزار مــەتر بــەرزن دەکەونــە بــاکووری ســنە. کاریگـەری ئـەم بەرزاییانـە لەوەدایـە پلـەی گـەرما دادەبــەزێت و چــڕی هــەوا کــەم دەکەنــەوە و ڕووبەڕووی ئـەو بایـە ساردانەی دەبنـەوە کـە بـە تایبەتی لە باکوور و ڕۆژهەڵات دێن.

لـە ڕۆژئـاوای سـنە و لـە بـاکووری ڕۆژئـاوای پارێزگـای کرماشـان، بـە تایبـەتی لـە ناوچـەکانی هــەورامان و گــۆران و نــەهراب و جــوانرود، لــە ناوەڕاستی زنجیرە چیای زاگرۆس، چیا و دۆڵـی وای تێدایــە کــە ئاووهــەواکانیان هــەردەم لــە گۆڕانـدان، هەنـدێ جـار درەنـگ دروسـت دەبـن، هەندێ جار زوو.

ئاراسـتەکان بـە پێـی ئـەو پەیوەندییانـەی لـە باکـان و فـۆرمی دۆڵ و چـیاکان، بـە چەشـنێکن هەندێ شوێن زۆر گەرمە هەندێکی دیکە ساردن، هـەر ئـەم حاڵەتەشـە لـە پشـت مەسـەلەیەکی وەك گەرمیان و کوێستان و بزووتنەوەی مێگەلێ مەڕو مـاڵات دایـە لـە ناوچـە سـاردەکان بچـنە ناوچـە گەرمەکان.

بایە دیار و باوەکانی ئەم ناوچانە بای باکوور و بای باشووری ڕۆژئاوا و بای زەلان–ە، و هەندێ جاریش بای بۆگەنی باشوور و باشووری ڕۆژئاوا کە لە ناوچە گەرمەکان پێی دەگوترێ: سابوون یان ساوین–ە.

ئەم جیاوازییەی پلەی گەرما ساڵنامەی کوردی هەرێمەکانی باشوور کە لەسەر ژیانی جووتێری بنیاتنراوە دەگۆڕی و بەرامبەر بە ساڵنامەی هەتاوی فارسی بە مانگێک جیاوازییان هەیە. هەر لەبەرئەمە، بەهاری کورد لە 21ی مانگی دوو (21 Fevrier) دەست پێدەکا.

## بایە ناوچەییەکان

لێرەوە دەبێ ئاماژە بەوە بکەین کە شێوە و هەڵکەوتی جوگرافی چیاو دۆڵەکان نەك هەر تەنیا هێز و ئاراستەی بایەکان دەگۆڕێ، بەڵکو ناویشیان دەگۆڕێ. زۆرجار دێهاتیەکان ناوی بایە دیار و باوەکان، ئەوانەی یەك ئاراستەیان هەیە بۆ گشت بایەکان بەکاردێنن، هەندێ جاریش ناوی ئەو وەرزەشی دەخەنە پاڵ کە بایەکانی لێ هەڵدەکا.

بێجگە لەمە بایە ناوچەییەکان ناوی ئەو دۆڵانەش وەردەگرن کە لێیەوە هەڵدەکەن. هەندێ لە بایە ناوچەییە ناسراوەکانی کوردستان ئەمانەن: شەماڵ-ی بەهار، وای پاراو-ی کرماشان، بای تیلەکۆ، قەرەهێل یان ڕەشەبا، بای قۆرغ-ی ساوجبولاغی موکری، و گشت ئەو بایانەی کە لە خوارەوە ناویان دەهێنین کە هەیانە بایی گشتی-ین و هەیانە ناوچەیین.

نـــاوی بایـــەکانی کوردســـتان، وەك هـــەموو شوێنێك سەرچاوەی جۆربەجۆریان هەیە.

-ئەو بایانەی ناویان بە پێی ئاراستەکەیانە، وەك بۆ نموونە: وای خۆرهەڵات، وای خۆرئاوا.

-ئـــەو بایانـــەی ناویـــان بـــە پێـــی نـــەژادی جوگرافیـــان دروســـت بـــووە، وەك بـــۆ نموونـــە: قوولـەوا، واتـە ئـەو بایـەی بـە ئاڕاستـەی قیبلـەوە دێ، واتـە لـە مەککـەوە کـە تـا ڕادەیـەك دەکـەوێتـە باشـووری ئێـران. بـای قـۆرغ، واتـە ئـەو بایـەی لـەلای قـۆرغ-ەوە دێ کـە دەکـەوێتـە ڕۆژئـاوای مەهابادەوە (ساوجبولاغی موکری).

-ئەو بایانەی ناویان لە خاسییەت و هێز و چـڕییانەوە دێ، وەك بـۆ نموونـە: کەلـەوا، واتـە ئەو بایەی کە تێکدەرە و سیفەتێکی گەردەلوولی هەیـە، هـەروەها ئـەو بایانـەی کـە گـەردەلوولین و ناویان لە خوارەوە دێنین.

تێرمی بنچینەیی لە زمانی کوردی بۆ (با) لـە هەرێمی کرماشان وا -Wa-یە و لە هەرێمەکانی دیکە با -Ba-یە. (لە فارسی ئەمڕۆ باد -Bad-ە) لـە پەهلـەوی ڤـات -Vat- و ڤـای -Vay-یـە، لـە

ئاڤێستا ڤاتا –Vata–یە کە ڕەگەکەی ڤا –Va–یەو بە مانای فووکردن یان هەڵکردن (Souffler) دێ.

بەڵام ناولێنان و وشەی تایبەتی هەیە بۆ بایە گەورەکان کە لەگەڵ با– و وا– دروست بوون.

لە کۆتایی ئەم لێکۆڵینەوەیە ئەو وشانە دانراون کە پەیوەندییان بە باوە هەیە لەزمانی کوردی و بە گوێرەی یەك لە دوای یەك هاتنی پیتەکان ڕیزکراون.

لەنێو بایە هەمیشەییەکان بای زەلان و شەماڵ و ڕەشەبا–مان هەن. زەلان و ڕەشەبا دوو جۆرە بای بەردەوام و دیارن ئەگەرچی چڕی و خێراییان لە ناوچە جیاجیاکان وەك یەك نیە و جیاوازن. بەڵام شەماڵ بایەکی وەرزییە و پاییزان لە کاتی هەڵگرتنی جۆخین و وەرزی بەهاران هەڵدەکا. لەناو بایە وەرزییەکان گەلێکیان هەیە ناوچەیین و لە ناوەوەی کوردستان هەڵدەکەن. هەندێ جار ئەم بایانە لەگەڵ بایە هەمیشەیی و بەردەوامەکان تێکەڵ دەبن و ناوی ئاراستەکەی خۆیان وەردەگرن،

یانیش ناوی ئەو بایانە وەردەگرن کە لە هەمان ئاراستەی ئەوان دێن. نەژادی ئەم بایە ناوچەییانە چین؟ بێگومان، بێجگە لە هۆکاری دیکە، هۆی دروست بوونیان دەگەڕێتەوە بۆ نەمانی پاڵەپەستۆ و نایەکسانی لە گەرمبوونی دوو جەمسەری هاوسێ.

هاوینان، کاتێ کە هەتاو دۆڵەکان گەرم دادێنێ بە هۆی جیاوازی پاڵەپەستۆ لە نێوان خوارەوەی دۆڵەکان و لووتکەی چیاکان، کزەبایەکی دڵگیر لە دایك دەبێ کە ناوە ناوە هەڵدەکا، بەلاَم بە شێوەیەکی گشتی بە ڕۆژ کزەبای دۆڵەکان بەرقەرارە و شەوانیش کزەبای چیاکان. ئەم کزەبایەی چیاکان پێی دەگوترێ شنۆ یان شنە، واتە کزەبای فێنك.

جۆرە بای دیکە هەن کە لە قەدی چیاکان هەڵدەکەن، ئەمانەش دەگەڕێنەوە بۆ جیاوازی ئەتمۆسفێری هەردوو دیوی چیاکان. کاتێ کە بایە گشتییەکان دیار نەبن ئەمانە بە شێوەیەکی بەردەوام و ناوەناوە هەڵدەکەن.

-بایــه وەرزییــەکان: ئــەم بایانــە ناویــان دەگەڕێتــەوە بـۆ ئـەو وەرزانـەی لێـی هەڵدەکـەن، وەك: بای وەهار یان بای بەهار. (لە فارسی: باد بهار، بـاد فرڤـردین). بـاد هـامین. (فارسـی: بـاد تابستان، باد موردار) واتە بای هاوین. بای پاییز (فارسـی: بـاد پـایز، بـاد خـزان). بـای زسـتان (فارسی: باد زمستان، باد بهمن). ئەگەرچی ئەم بایانـە نـەژاد و بنچینەی جیاوازیـان هەیـە بـەڵام لەگـــەڵ بایـــە تایبەتـــەکانی کوردســـتان یەکدەگرنەوەو لە خوارەوە ناویان دێنین.

هەنـدێ بـای دیکـە هـەن کـە پێیـان دەگـوترێ بای مـەوسمی لـە باشـوور و باشـووری ڕۆژئاوای کەنداوی فارس هەڵدەکەن. ئەم بایە کە ناوەکەی دەگەڕێتـەوە بـۆ زمـانی عـەرەبی (موسـم) هـەمان (La mousson)ە. ئـەم بایـە لـە زمـانی میللـی ناوچـەی فـارس، لــە باشــووری ئێــران پێــی دەگـوترێ (بـاد روی دریـا) واتـە ئـەو بایـەی لـە ڕووی دەریــاوە (کەنــداوی فــارس) هەڵــدەکا. (سـەیری ئـەو بەشـە بکـە کـە لـەم لێکۆڵینەوەیـە تایبەتە بە ئەفسانەناسی- Mythologie. هەندێکی

دیکـه لـه بایـه وەرزییـەکان، بایـەکانی چـلە–یـە، واتـه ئـەو بایانـەی لـە کـاتی چـلە هەڵدەکـەن. چـلەکان دوو مـاوەی سـاردی زسـتانن، چـلەی گەورە، لـە سـەرەتای زستانەوە دەست پێدەکا و چل ڕۆژ دەخایەنێ، ئەوی دیکـە چـلەی بچووکە، بیست ڕۆژ لە دوای یەکەم درێژە دەکێشێ و زۆر ساردە.

## –زەلان یان زریان

زەلان بـای بـاکووری ڕۆژهەڵاتـە و لەسـەر ناوچـەیەکی فـراوان لـە بـاکوورەوە بـۆ باشـوور هەڵـدەکا. لـە ئـەنجامی پاڵەپەسـتۆی بـاکووری ڕۆژهـەڵات یـان باشـووری ڕۆژهـەڵات یـان هەردووکیان بە یەکەوە دروست دەبێ. هەر لەبەر ئەمەشـە لـە هـەرێمی کرماشـان (بـە تایبـەتی لـە ناوچـەی گـۆران و سـەنجابی) بـە بـای ڕۆژهـەڵات ناسـراوە، لـە سنە بـە بـای بـاکوور، لـە مـەهاباد (ساوجبولاقی موکری) بە بای باشوور ناسراوە و پێی دەڵێن زریان. ئەگەرچی ئەم بایە تایبەتە بە

کوردستان بەڵام هاوتای هەمان بای باکووری ڕۆژهەڵاتی ئێرانە کە بە فارسی پێی دەڵێن (باد شمال) یان (باد هرات). لە سیستان (هەرێمی باشووری ڕۆژهەڵات) بە بای سەد و بیست ڕۆژە ناسراوە، بەڵام لە کوردستان هەندێ خاسییەتی خۆی بزر دەکا.

بایەکی سارد و خێرایە و بەردەوام دووبارە دەبێتەوە و زیانی زۆرە. بە درێژایی ساڵ هەڵدەکا و گڤەی دێ بەڵام جیاواز بە پێی وەرزەکان. هاوینان وشکی لەگەڵ خۆی دێنێ، زستانانیش ساردییەکی زۆر و گەورە. بۆ دانەوێڵە خراپە بەڵام بۆ کێڵگەی سەوزە و میوە باشە. بەهاران زۆربەی جار پێش باران هەڵدەکاو باران لەگەڵ خۆی دێنێ.

زستانان، کاتێ کە لەگەڵ بای قەرەهێل تێکەڵ دەبێ گەلێك سارد و تووش دەبێ بە ڕادەیەك درەخت شەق دەکا و باڵندان دەکوژێ.

مەلا وەلۆوخان کە شاعیرێکی کوردە بە زاری هەورامانی شیعری هەیە، لە بەیتێکی ناسراودا دەڵێ:

زەلان ئامێتەی قەرەهێل مەوۆ
مەلان لە یانەی وێشان ول مەوۆ
واتە:
زەلان ئاوێتەی قەرەهێلیٚ دەبیٚ
مەلان لە هێلانان وەدەر دەنیٚ

(وەرگێڕ).

بێجگە لەمە، لە دەستنووسی (بدائع اللغات) لــە ناوچـــەی هەمـــەدان و مهـــرەبان بــە بـــای ئەسفەهان ناسراوە. (باد اصفهان)، لە تاران بە بای شەهریار (باد شهریار) ناسراوە. لە کەرکوك و سلێمانی (هەردوو شاری کوردی کوردستانی عێـراق). بــە ڕەشـــەبا ناســراوە[1]. لــە هـــەرێمی قەزوین، لە ناوچەی زەهرا بە بای ڕاز (باد راز) ناسـراوە. کـە بـای زەلان لـە نوختەیـەکی دووری باکوور یان باشوور هەڵدەکا پێی دەڵێن زەلانـی چەفت (زەلانی چەوت– وەرگێڕ). بە فارسی پێـی دەڵێن (باد کژ) کە هەمان بای چەوتی باکووری ڕۆژهەڵاتە.

## -قولەوا. کەلەوا.

لە هەرێمی کرماشان بە بای باشوور دەڵێن قولەوا، چونکە بایەکە لە ئاراستەی مەککەوە دێ (=قیبلە) کە لە زمانی کوردی گۆڕانی بەسەردا هاتووە و بۆتە قولە. لە هەمان هەرێم ئەم بایە ناوێکی دیکەشی هەیە کە (کەلەوا)یە. بە تایبەتی کە لە باشووری ڕۆژئاوا هەڵدەکا. وشەی کەلەوا بە مانای بای توند و تیژ دێ کە هێرش بەرە، ئەم بایە بەفر کۆدەکاتەوە و دەیخاتە سەریەك. بە گوێرەی هەندێ قەوڵی میللی، وشەی (کەلە) ناولێنانێکی کوردییە بۆ وشەی فارسی (کەربەلایی)، ئەم ناونیشانە بانگرکردنێکی ئایینیە وەك نەریتێك بەو کەسانە دەڵێن کە بۆ زیارەت دەچنە کەربەلا، ئەمەش بنچینەی ناولێنانی ئەو بایەیە کە لە عێراق-ەوە هەڵدەکا.

بە گوێرەی هەمان ڕوانین و بیرکردنەوە، وەك ئەو ئەفسانەیەی خوارەوە کە بۆمان ڕوون دەکاتەوە، بای کەلەوا لە خەباتی خۆی دژی زەلان (ڕەشەبا-و) (بای نەجەف) دێنێتە هاواری

خۆی، هەر ئەمەشە وای لە خەڵکەکە کردووە لەو باوەڕەبن کە بایەکە لە کەربەلاوە دێ، چونکە هەردوو شارەکە کەوتوونەتە عێراق.

بای کەلەوا لە بایەکانی دیکە گەرمترە و باران لەگەڵ خۆی دێنێ یان پێشبینی باران دەکا. لە زستان کەمێك گەرمە، بەڵام لە هاوینان بۆ دانەوێڵە و سەوزە خراپە، هەندێ جاریش بۆ تەندروستی.

کەلەوا بایەکە ماوەیەکی کەم دەخایەنێ، هەندێ جار چەند سەعاتێك درێژە دەکێشێ و زوو دەوەستێ. لە زستان زیاتر ئامادەیی هەیە وەك لە هاوین، کاریگەرییەکەشی لەم وەرزە زۆر گرینگ نیە.

بە تایبەتی لە نێوان 13ی شوبات و 13ی ئادار هەڵدەکا. بەڵام لە زستان دەنگێکی بەهێز و سەختی هەیە و بەفر لوول دەدا و گەردەلوولەی لێ دروست دەکا.

دەشێ ئەم بایە بە بای فۆێن (Foehn)ی زنجیرە چیاکانی ئەلپ بچوێنین، وەك ئەو، جوتیاران بە پەرۆشەوە چاوەڕێی هەڵکردنی

دەکەن بێت و بەفر بتوێنێتەوە، بە تایبەتی ئەگەر ئەو توانەوەیە لە کاتی خۆی نەبێ. گوایە، تۆز و غوباری گەرمی مەککە لەگەڵ خۆی دێنێ و بە سەریدا بڵاوی دەکاتەوە. لەم وەختەدا پلەی گەرما دەگۆڕێ و نامێنێ و سەرەنجام ئەم گۆڕانە بۆتە هۆی دروست بوونی ئەم ئەفسانەیە. هەروەها دەگێڕنەوە کە لە کۆتایی زستان، بای کەلەوا خەبات دژی بای زەلان دەکا، بەڵام لەم ڕکەبەرایەتییە دەدۆڕێنێ لەبەرئەوە ڕوو لە نەجەف دەکا بە خۆیی و تۆز و غوباری ئەوێ دەگەڕێتەوە. بەم چەشنە، بەسەر بای زەلان سەردەکەوێ و پلەی گەرما دەگۆڕێ و دنیا گەرم دادێ.

### -بای قەرەهێل. ڕەشەبا:

لە هەرێمی کرماشان و هەورامان بە بای باکووری ڕۆژئاوا دەڵێن قەرەهێل. واتە بای ڕەش. وشەی قەرەهێل لە وشەیەکی تورکی قەرە کە دەکا ڕەش و وشەی هێل کە بە ڕەگەز لە

عەرەبییەوە هاتووە، دروست بووە. بنچینەکەی حیر یان حیل–ە کە مانای باکوور دەگەیەنێ. واتە: بای ڕەش–ی باکووری ڕۆژئاوا. لە هەرێمی هەورامان و سنە و هەرێمەکانی زاری کرمانجی ڕەشەبا–ی پێدەڵێن. لە زاری کرماشانی و گۆران ڕەشەوا–یە، ئەم تێرمەش کوردییە و هەر بە مانای ڕەشەبا دێ.

بە پێی کەشناسی میللی، ئەم بایە تەنیا بە پێی ژمارە تاکەکانی شەو و ڕۆژ هەڵدەکا، واتە شەوێك و ڕۆژێك، یان سێ شەو و سێ ڕۆژ، تا دەگاتە حەفت شەو و حەفت ڕۆژ.

لە زستان زۆر سارد و توند و تیژە. سەوزاییو چرۆکان وشك دەکاتەوە و هەمیشە گڤەی دێ. بۆ گەنم و جۆ زیانی زۆرە، بەڵام بۆ ئەو دانەوێڵانەی بە ئاودێری پێدەگەن، وەك برنج سوودی زۆرە.

ئەم بایە لە کتێبی –بدائع اللغات– کە لە سەرەوە ناومان هێنا. لە تەهران پێی دەگوترێ (باد طالقان) و لە ناوچەی رەی و شەهریار پێی دەگوترێ (باد قاغذان). قەرەهێل یان ڕەشەبا

بایەکە تایبەتە بە هەرێمەکانی کرماشان و سنە، زۆرجاریش لەگەڵ ئەو بایانە تێکەڵیان دەکەن کە لە باکووری ڕۆژئاوا دێن، بەڵام ئەم بایانە بریتین لــە تــەوژمی ئەتمۆســفێر لــە ئەتلەنتیکــەوە هەڵدەکــەن، دوای ئــەوەی بەســەر دەریــای ناوەڕاســـت– Mediterranee–و دەریـــای ڕەش تێدەپەڕن، بارانی کۆتایی زستان و بەهار لەگەڵ خۆیـان دەهێـنن و تـەواوی کوردسـتانی ئێـران و بەشێکی گەورەی بانی ئێران دادەپۆشن. (دەبێ هـەمان بـا بـێ کوردسـتانی عێـراق و بەشـێکی گـــەورەی کوردســـتانی تورکیـــا بگرێتـــەوە– وەرگێـــڕ). ئـــەم بایـــە نـــاوی بـــای شـــەماڵ–ە. (فارسییەکەی باد شمال).

–پەنـد یـان قسـەیەکی نەسـتەق هەیـە دەڵـێ "پیاوی ئازا مێوان دێنێتەوە ماڵ و –باش باران دێنێ" لێرە مەبەست لەم بایەیە کە ناومان هێنا.

**-بای شەماڵ یان شمال.**

نەژادی ئەم وشەیە عەرەبییە و لە فارسی و کوردی-یشدا بەکاردێ. ئەگەرچی ئەم بایە هەردەم لە باکوورەوە بە یەك ئاراستە نایێ بەڵام ئەم ناولێنانە بۆ بای باکوور بەکاردەهێنرێ و لە فەرهەنگی زمانی عەرەبیش مانای لای چەپ دەگەیەنێ، چونکە بەرەو ڕۆژهەڵات دەڕۆین باکوور دەکەوێتە دەستە چەپ.

لە هەمان کات ئەم وشەیە بۆ گەلێك بای ناوچەیی هێمن-یش بەکاردێ کە لە سەرچاوەی جیاوازەوە هەڵدەکەن. لەناو ئەدەبیاتی گۆران-ی، کە زارێکی ناسراوە لە کوردستان، وشەی -شەماڵە- گشت بایەکی سووك و هێمن دەگرێتەوە، بەرامبەرەکەی لە عەرەبی -نسیم-ە کە لە زمان و ئەدەبیاتی فارسی-یش بەکاردێ.

شەماڵ لە هەرێمی کرماشان ناوی ئەو بایەیە کە لە ڕۆژئاواوە دێ و هێمن و دڵگیرترین بایە کە بەسەر کوردستاندا هەڵدەکا. فێنکە و بۆ کشتووکاڵ سوودی زۆرە. بە گشتی لە 23-ی

مانگی ئابەوە بۆ ماوەی سێ مانگ، لە وەرزی جۆخین هەڵگرتن و کارەکانی دیکەی کشتووکاڵ سوودی لێ وەردەگیرێ.

هاوینان فێنکایی لەگەڵ خۆی دەهێنێ و بەهارانیش سروشت و گژوگیا دەبووژێنێتەوە. زستانیش هەندێ جار دەبێتە هۆی ساردییەکی سەخت و بەستنی ئاو.

ناوی ئەم بایە هەندێ جار ئاڵۆزییەك دروست دەکا و لەگەلێك ناوچەی جیاجیا بۆ گەلێك بای ناوچەیی یان هەرێمی یان بای گشتی بەکاردێ، بەڵام بە گشتی مانای بای ڕۆژهەڵات و باکوور دەگەیەنێ. بۆ نموونە لە ناوچەی موکری، هەموو ئەو بایانەی لە باکوور دێن پێیان دەڵێن شەماڵ، کەچی لە ڕاستیدا ئەم بایانە لە وەرزی جیاجیا هەڵدەکەن و بای جیاجیا لە باکووری ڕۆژهەڵاتو باکووری ڕۆژئاواوە دێن.

شەماڵ ناوی بایەکی دیکەی مەیلە و گەرمە کە لە کۆتایی زستان بەفر دەتوێنێتەوە، بە بای کەلەوا دەچێ کە لە سەرەوە ناومان هێنا و لە ڕۆژئاواوە هەڵدەکا.

**سابوون یان ساوین:**

ئەمەش ناوی بایەکە لە زاری سنە و هەورامان و گۆران-ی کۆن هەیە و بەڵام لە هەرێمی کرماشان، بە تایبەتی لە ناوچەی گۆران و سەنجابی و ناوچە گەرمەکانی ئەم هەرێمە پێی دەگوترێ ساوین.

لە هەمان ئەو ناوچانە ناوێکی دیکەشی هەیە کە بای گەرمیانی-یە و بە مانای بای ناوچە گەرمەکان دێ.

عەرەبەکان بەم بایە دەڵێن -سموم= بای (ژەهراوی) کە لە ئێران و میزۆپۆتامیا و ئاسیای بچووك ناسراوە و لەلای فەرەنسەکان بە (Simoun) هاتووە.

بایەکی سووتێنەرە و لە ناوچە گەرمەکان هەڵدەکا و بە ڕۆژ ئامادەیی زیاترە وەك لە شەو و شاڵاوی گەرماییەکەی مرۆڤ و گیانەوەران دەکوژێ. بە گشتی بایەکی پیس و بۆگەنە.

ئەفسەری سوپایی نۆرماند کە لە میزۆپۆتامیا لێکۆڵینەوەی لەسەر ئەم بایە کردووە، گەیشتۆتە ئەو ئەنجامەی کە ئەم بایە لەبەرئەوە بکوژە چونکە کردەیەکی سایکۆ-فیزیۆلۆژی لەسەر لەشی مرۆڤ دروست دەکا. بۆ زانینی زیاتر بگەڕێوە بۆ گوتارەکەی لەم بارەیەوە[4] یانیش بۆ کورتەی گوتارەکەی لە کتێبی:

(مرۆڤ و با- Lhomme et le vent) کە لە لایەن دەزگای: (Aubert de La rue)[5] چاپکراوە.

## بایە گەردەلوول-یەکان:

ئەم جۆرە بایانە وێڕای سووڕانەوە هەڵدەکەن و هەمان ناویشیان هەڵگرتووە، ئیتر چ گچکە بێ یان گەورە وەك گەردەلوولەی مەزن -Cyclone کە تۆز و خۆڵ لەگەڵ خۆی هەڵدەگرێ و دەنگێکی تایبەتی هەیە.

لێـــرەوە وێـــڕای پێشکەشـــکردنی گشـــت ناوەکانیان لە کوردستان، خاسییەت و ڕوخسارە جۆربەجۆرەکانیان باس دەکەین:

ئـەم بایـە لـە ناوچـەی سـنە پێـی دەگـوترێ گـەردەبا (فارسـی: گردبـاد). واتـە ئـەو بایـەی کـە دەسووڕێتەوە وەك: گەردەلوول یـان گـەردەلوول. لە کرماشان پێی دەگوترێ گەردەلول: ئەو بایـەی تـــۆز و غوبـــار لەگـــەڵ خـــۆی هەڵـــدەگرێ و دەسـووڕێتەوە. لـە کرماشـان نـاوێکی دیکەشـی هەیـە وەك: گـەردەتوچ یـان گەردەتوچـان (ئـەو بایـەی تـۆز بڵاودەکاتـەوە). لـە هـەرێمی سـنەش پێـی دەگـوترێ: گێـژەبا (گیجـە بـا) و لـە زاری هـەورامان و مـەریوان پێـێ دەگـوترێ گێژەلووکـە (ئـــەو بایـــەی دەســـووڕێتەوە). و هـــەروەها دیوەلوول-یشی پـێ دەگـوترێ (فارسـی دیوبـاد- Div-bad) واتـە (بـای دێـو) یـان (سـوورە شـەیتان) کـــە مانـــای (جـــەژنی شـــەیتان) دێ (بڕوانـــە خـوارەوە، ئـەو بەشـەی لـەم گوتـارە تایبەتـە بـە میتۆلۆژی و ئەفسانەکان).

ناوی دیکەی جۆراوجۆر هەن کە تایبەتن بە ئێران و لە کوردستانیش بۆ هەمان مەبەست بەکاردێ:

تۆفان (طوفان) کە هەندێ جار بە مانای ڕەشەبا-ش بەکاردێ، پێدەچێ ناوەکەی لە گەردەلوولە مەزنەکان (Cyclon)ی ئۆقیانووسی هیندی و کەنداوی فارس هاتبێ و کەوتبێتە ناو فارسی وەك ناوێك بۆ گشت ڕەشەبا و گەردەلوول و تۆفانێك (Tempete). وشەی تۆفان —Tempete، گوایە ڕەگەزەکەی لە زمانی عەرەبییەوە هاتووە، بەڵام وشەی تیفۆن (Typhon)ی چینی-مان بەبیردێنێتەوە یان تافونگ- Tafung کە هەمان ڕەگەزی هەیە. (لە زمانی کوردی، ئێمە: تووف Tuf و تۆف- مان هەیە. وەرگێڕ).

کوولاك-یش بە مانای بای تۆفان ئامێز بەکاردێ و کە زۆربەی جار بارانیشی لەگەڵە و وێڕای سووڕانەوە بە خێراییەکی زۆر دەچێتە پێشەوە.

دوا شت، نابێ بووران– Buran–یش لەبیر بکەین. ئەم وشەیە بۆ گەردەلوولە و تۆفان و هەورە تریشقە بەکاردێ و لەناو زمانی فارسی میللی–یش گەلێ جار بە یەکەوە لەگەڵ وشەی (باد) دێ، وەك: (باد و بوران) کە بۆ تۆفانی ڕەشەبای گەورە بەکاردێ کە ڕێژنە باران و بەفری لەگەڵ بێ و ناوچەیەکی گەورە بگرێتەوە. ڕەگەزی ئەم وشەیە تورکی–یە و کەوتۆتە ناو زمانی ڕووسی–یش کە بۆ شەپۆڵ بای ساردی سێبیریا بەکاردێ کە لە ئۆقیانووسی بەستووی باکوور دێ و لە شێوەی تۆف و کڕێوە دەشتە بەرینەکان دادەپۆشێ. (لە زمانی کوردی– زاری سۆرانی– دەگوترێ باو و بۆران– Ba u boran– وەرگێڕ).

## -میتۆلۆژی و ئەفسانەکان-

بێگومان شتێکی بێ سوود نیە لێرە لەناو میتۆلۆژی کۆنی ئێران لە سەرچاوە فۆلکلۆرییەکانی ئەو بیروباوەڕ و هزرانە بگەڕێین کە لە کوردستان و بە شێوەیەکی گشتی لە ئێران لە بارەی چاکەخوازی و شەڕەنگێزی بایەکان هەن.

بە گوێرەی ئاڤێستا، ئەگەر هەندێ خواوەند هەبن نوێنەرایەتی ئاگر و ئاو و خاك (=ئەرز، خۆڵ- وەرگێڕ) بکەن، هەڵبەت خواوەندێکیش هەیە نوێنەرایەتی ئەتمۆسفێر و با دەکا کە پێی دەگوترێ ڤاتە -Vata- یان ڤەییو -Vayu (لە سانسکریتی: ڤاییو- Vayu-ە)، لە تێکستە پەهلەوییەکانیش پێی دەگوترێ: ڤای- Vay یان ئەندارڤای- Andar- Vay.

کچان (کیژ- وەرگێڕ). لەم خواوەندە دەپاڕێنەوە و ڕووی تێدەکەن بۆ دۆزینەوەی مێردێکی باش و سەرەنجام بەختەوەر بن.

لـــە پەڕەگرافـــەکانی 39 –41ی ڕام یەشـــت (پـانزەمین یەشـتی ئاڤێستا) لـەم بارەی سـەرەوە دەڵـێ: "کیـژە جاحێڵـەکان لەسـەر کورسـییەکی زێڕ، لەبن قوبەیەکی زێڕ، لەسەر مافوورێکی زێڕ، قوربانییان پێشکەش دەکرد.. بە گریانەوە لێـی دەپاڕانەوە و دەیانگوت: ئەو چاکەیەمان لەگەڵ بکـە ئـەی ڤـەییو، بـە کردەی بـالاّی خـۆت ببینـە خـاوەن خـودان مـاڵێکی بـاش، خـورت و لـەش جوان، تا ژیان مابێ ڕەفتاری لەگەڵمان باش بێ و منـداڵمان بـداتێ، مێردێکـی ژیـر، تێگەیشـتوو و قسـەزان" ڤـەییو، بە کردەی بالاّی خۆی چاکەی لەگەڵیان کرد و ڕازی بوو..)[6].

بە پێـی بونداهیشـن[7] "کتێبی خـەلق کردن" (بەشـی یەکـەم) و کتێبی ڕام یەشت (پـەڕەگرافی 43 و 44) لـە نێـوان جیهـانی ڕوحـی و ڕۆشـنایی کـە بـواری هورمـەزد–ە و جیهـانی تـاریکی کـە بواری ئەهریمەنە، ماوەیەك، ئەتمۆسفێرێك هەیە، پێـی دەگـوترێ ڤای– Vay[8] یان ڤەییو Vayu[9]، کــە گۆڕەپـــانی جـــەنگی چـــاکە و خراپەیـــە، خـەڵکێکی تێکـەڵاوی تێدایـە. بەشـی سـەرەوەی

ئەم گۆڕەپانە یان ئەم نێوانە، هاوسێی جیهانی ڕۆشـــنایی هورمـــەزدە و دراوەتـــە ڤـــەییو-ی چـاکەخواز، بەشـــی خـــوارەوەش لـــە ســـنوور و تخـــوبی جیهـــانی تاریکـــە دراوەتـــە ڤـــەییو-ی شـەڕەنگێز. کەواتـە دوو خوداوەنـدی تایبـەت بـە ئەتمۆسـفێر و بـا هەیـە، یـەکێکیان چـاکەخواز ئەوی دیکەیان شەڕەنگێز.

لـە کتێبـی پەهلـەوی "مینـوی خـرد" (بەشـی دووەم، پەڕەگرافی115)، ئەم دوو خوداوەندە بە نـاوی ڤـای -ڤیهـ-Vay-Vih (ڤـای چـاکەخواز) و ڤـای -ڤەتـــەر (Vay- Vatar) (ڤـای شـــەڕەنگێز) هـــاتوون. لـــەلای مەزدایيـــەکانیش بیســـت و دووەمین ڕۆژی مانگ بەم خوداوەنـدە سـپێردراوە و پێی دەگوترێ ڤەییو یان ڤات -Vat، لە فارسـی بووەتە باد - Bad و لـە کوردی با- Ba یـان وا - Wa، کە مانای با دەگەیەنێ.

هەر بە پێی ئەم کتێبەی دوایی پەهلەوی و لە هـەمان پـەڕەگراف، ڤـەییو-ی شـەڕەنگێز لەگـەڵ ئاستۆ ڤیـدهۆتۆ-ە (Asto Vidhoth) دێـوی مەرگـە، لـە ڕۆژی دوایـی لـە دەروازەی پـردی چـینڤەت-

Cinvat دەوەستێ بۆ بردنە ناو دۆزەخی ئەو گیانانەی لەسەر ئەرز کاری خراپەیان کردووە. بەڵام ڤای- Vay چاکەخواز بە پێچەوانەوە، کە گیانی دڵسۆز و پاك بەسەر پردی چینڤەت تێدەپەڕێ، دەستی دەگرێ دەیگوازێتەوە بەهەشت کە بۆ ئەو تەرخان کراوە. هەر ئەمیشە (گیانی دڵسۆز و پاك) لە کاتی سەرەمەرگ، سەری بۆ دادەنەوێنێ و چارەنووسی دەداتە دەست ئەو[10].

ئەم بیروهەزرە میتۆلۆژییەی چاکەخوازی و شەڕەنگێزی با-یە کە لە بنچینەی تەواوی ئەدەبیاتێکی فۆلکلۆری هەیە کە هەتا ئێستاش نەناسراوە.

لە هەقایەت یان چیرۆکە ئەفسانەییەکانی کوردی و فارسی و گێڕانەوە ئەفسانەییەکان کە ناوەڕۆکیان سحر و ئەفسوونە، هەموو جۆرە بایەکان لە شێوەی تۆف و ڕەشەبا، ڕۆڵێکی جەوهەرییان لە ئەزموون و ڕووداو و ژیانی پاڵەوانی چیرۆکەکە هەیە.

چـــیرۆك و گێڕانـــەوە زۆرن کـــە ڕووداو و سەربردەی پاڵەوانێك لەناو کۆشکێکی ئەفسوون بەند دەگێڕنەوە کە لە لایەن دێو و ئەجندە بە ڕەشـەبا و تـۆف پـارێزراوە و چـوونە ژوورەوە قەدەغە کراوە، ئەم ڕەشەبا و تۆفەش سەرلەنوێ جارێکی دیکە هەڵدەکەنەوە کاتێ کە سحر و ئەفسـوونەکان بـەتاڵ دەبنـەوە، ئەمـەش لـە حاڵەتێکدا ئەگەر پاڵەوانەکە بتوانێ سەرکەوێ و بوونەوەرە شەڕەنگێزەکان، ئەگەر پێویست بوو، بکوژێ کە لە پشت سحر و ئەفسوونەکانن.

لـە چـیرۆکێکی ئەفسـانەیی کـوردی: "مـیر ئیبراهیم و شازادە نووش ئافەرین"[11]دا هاتووە، شازادە زینـدانی دێوێکـە و لـە لایـەن مـیر خـۆی ڕزگـار دەکـرێ دوای ئـەوەی ئەفسـوونی قـەڵای زەنگولـەی ئەرقـەش بـەتاڵ دەکاتـەوە کـە شـازادە تێیـــدا زینـــدانی کرابـــوو. لـــەم ئەزموونـــە ڕووبەڕووبوونـــەوەدا، پاڵـــەوان دەکەوێتـــە نـــاو ڕەشەبا و تۆفێکی توند و تیژ: کە میر بڕیار دەدا بچێتە ژوورەوە و دولبەرەکەی ڕزگار بکا، پشت

بە لەوحەیەك دەبەستێ کە هەموو زانیارییەکی تێدایە دژی ئەفسوون و سحر بەتاڵ کردنەوە.

نوێژ بۆ خودا دەکا و ناوی مەزنی خودا دێنێ و دەچێتە ناو قەڵا ئەفسوون بەندەکە. کە پێ لەودیو دادەنێ، کۆمەڵێك دێو و ئەجندەی ڕەش بەرەو ڕووی دێن و لێی دەدەن، دوای کوشتنی هەموویان کۆمەڵێك سحرباز لە پێستی شێر بۆی پەیدا دەبن، پاشان دێوێکی گەلێك مەزن پەیدا دەبێ کە قیژە و هاواری هەوا شەق دەکا. میر بە لێدانێك دەیکاتە دوو پارچە. لێرەوە دونیا تاریك دادێ و ڕەشەبایەکی بەهێزی تۆز و غوبار هەڵدەکا، میر هیچ نابینێ و هەناسەشی پێنادرێ. دوای لەناوبردنی دەیان دێو و درنج و ڕووبەڕووبوونەوەی چەندان ڕەشەبا، بە سەر سحر و ئەفسوونەکان سەردەکەوێ. لێرەوە هەموو شتێك بزر دەبێ، قەڵا و کۆشك، ئەفسوونەکان، ڕەشەبا و تۆفەکان. ڕۆشناییەك دەردەکەوێ ئینجا دڵبەرەکەی ڕزگار دەکا.

بێگومان، کاریگەری خراپی هەندێ با لەسەر ژیانی کۆمەڵایەتی، بە تایبەتی کشتوکاڵ و

گیانەوەران خانوو و بەرە، بیرو خەیاڵە ئەفسوون ئامێزەکانی ناو فۆلکلۆری کۆنیان بەهێز کردووە، بەڵام پەیوەندی نێوان ئەم ئەفسانە کۆنانە و ئەم بووژانەوە فۆلکلۆرییەی سەردەمی ئێرانی پێش ئیسلام زیاتر لەناو داستانی مەزنی ئێرانییەکان "شانامە" دەدۆزینەوە کە سەرچاوە ئەدەبیەکانی دەگەڕێتەوە بۆ پێش ئیسلام.

**لێرەوە بە کورتی نوێشکێك دەخەینە ڕوو:**

**لە سەردەمی شاکانی کیانی، شایە ئەفسانەییەکانی ئێران، پێش ئەوەی کەیخوسرەو بێتە سەر تەخت، لە شاری ئەردەبیل کۆشکێکی ئەفسووناوی هەبوو ناوی "دژی بەهمەن" بو و لە لایەن دێو و ئەجندەکانی داگیرکرابوو و ژیانی خەڵکی ناوچەکەیان تاڵ کردبوو. دوای شکانی چەند هێرشێکی سوپایی دژی کۆشکی ناوبراو، شای چاوەڕوانکراو، کەیخوسرەو خۆی بڕیاردەدا هێرشێکی بکاتە سەر. کەیخوسرەو کە بە باوەڕێکی دەگمەن گۆش**

كرابـــوو، بڕیـــار دەدا نامەیـــەكی لـــە ســـەری ڕم بپێچن، تێیدا نوێژ و ناوی ستایشی خودای لێ نووسرابێ و لەسەر دیواری دژەكەی دانێن. هەر ئەودەمـــــە هـــــەموو جیهـــــان تاریـــــك دادێ و ڕەشـــــەبایەكی مـــــەزن هەڵـــــدەكا، دوای ئـــــارام بوونەوەی هەموو شتێك، ڕۆشناییەك دەردەكەوێ و دەروازەی دژەكەش دەبێتەوە.

ئەمـــەش نوێشـــكێك دەربـــارەی كۆتـــایی ئـــەم ئەفســـانەیە: "دەنگێـــك دەهاتـــە گوێمـــان، زەوی كۆشكەكە بەرزبۆوە و لە ناكاو، بە فرمانی خودا، دیواری كۆشكەكە، بە دەنگێكی وەك تریشقە و گەواڵـەی بـەهار توایـەوە و لـە دەشـت و چیاكان دەنگـــــی دایـــــەوە: جیهـــــان وەك ڕوخســـــاری قوولەڕەشێك ڕەش هەڵگەڕا، نە ڕۆژ دەبینرا، نە حەوتەوانە، نـە مـانگ. دەتگـوت هـەورێكی ڕەش ئەرزی داپۆشیوە و ئاسمانیش بە دەمی سووری شێرێك دەچوو". "كەیخوسرەو ئەسپە ڕەشەكەی خـۆی تـاودا، بـە پیـاوە ئازاكـانی سـوپاكەی دەگـوت: بارانێـك تـیر لەسـەر كۆشـك ببـارێنن،

کەوانـــەکانتان بـــا لاســـایی هـــەوری بـــەهار بکەنەوە!".

"سەرەنجام بینیمان وەك هەورێك لە تیران کە تـەرزەی ئاسنین بڕێـژێ ئـەوها تیرەکـان دابـەزین، هـەر دەنکـە تەرزەیـەك یـەکێکی دەکوشـت. ئـەم تیرانـە دێـوێکی زۆریـان کوشـت و ئەهریمـەنێکی زۆریان بەردایەوە. ڕۆشناییەکی مەزن دەرکـەوت، جیهانــە تاریکــەکان ڕەوینــەوە، بایــەکی خــۆش هەڵیکرد، هەوا و ڕوخساری زەوی زەردەخەنەیان دەهاتــێ. جیهــان شــەوقی دەدایــەوە.. دەرگــای کۆشك بەدەرکەوت و ئەو تۆز و غوبارەی سوپای داپۆشیبوو نەما. شای ئێرانییەکان لەگەڵ پیاوە ئازاکـــانی لـــە دەروازەی کۆشـــك چـــوونە ژوورەوە"[12].

بەم شێوە دەبینین لـە شانامە کۆمـەڵێك تـوخم و بـیری جیاجیـای فۆلکلـۆری کـۆن کۆکراوەتـەوە نــەوە دوای نــەوە پــارێزراوە، وەك: ئەفســوون، سوارچــاکی ڕووداوی دیکــە و لــە هەمووشــیان گـرینگتر کـە مـادەی ئـەم لێکۆڵینەوەیەیـە بـا- و ڕەشەبەکانە، کە هزر و بیرە فۆلکلۆرییـەکانی نـاو

ئەفسانە فارسی و کوردییەکان لەگەڵ ڕوانین و چەمکە میتۆلۆژی و ئاینییەکانی ئێرانی کۆن لێك گرێ دەداتەوە.

ئەفسانەی شا سولەیمان (Salomon) کە دەستەڵاتی ئەوەی هەبوو فەرمانڕەوایی بەسەر بایەکاندا بکا و لە شوێنێك بۆ شوێنێکی دیکە بچێ بە هۆی (ئەو مافوورەی دەفڕێ)، شتێکی نەناسراو نیە لە فۆلکلۆری کوردی و فارسی. تێکەڵاوی مێژووی شا-یە ئەفسانەییەکانی ئێران بووە، وەك ئەفسانەی جەم یان جەمشید، کە زۆر کۆنترە لەوەی شا سولەیمان. چونکە بە گوێرەی ئاڤێستا جەمشید یەکەم شای جیهانە، بە گوێرەی شانامە-ش سێیەم شا. بە پێی ئەم سەرچاوانە، لە سەردەمی فەرمانڕەوایی شا جەمشید، نە پیری، نە زستان، نە بای گەرم، نە هی سارد[13] نەبوونە، هەردەم جیهان بەهار بووە، ئەمەش تا ئەو کاتەی شا جەمشید درۆیەك دەکات، درێژەی هەبووە، لێرە بە دواوە خودا دووری دەخاتەوە. تێکەڵاوی لە نێوان ئەفسانەی شا سولەیمان و شا جەمشید ئەوەندە گەورە و

ئاڵۆزە، کاریگەری لەسەر ئێرانی دوای هاتنی ئیسلام گەلێك زۆرە. بەم جۆرە، دەبینین، لە ئەدەبیاتی فارسی، ئەو بایەی لە بن فەرمانڕەوایی شا سولەیمانە، پێی دەگوترێ (بوراق جم- ئەسپی جەم)[14].

بیری بوونی بایەکان لە بن فەرمانڕەوایی زاتێکی پیرۆز لەناو ئەفسانە میللییەکانی تەسەوفی کوردە (سوننییەکانی تەریقەتی نەقشبەندی) هەیە و هەستی پێدەکرێ. بە پێی ئەم ئەفسانانە گوایە هەندێ پیر-ەکان (شێخ، سۆفی یان پیاوچاك- وەرگێڕ). کۆنترۆڵی با و ڕەشەباکانیان کردووە و بە ئارەزووی خۆیان توانیویانە فەرمانی هەڵکردنی دەرکەن.

لە لایەکی دیکە دەبینین، لە ئەفسانە کوردییەکان هەمان دەستەڵاتیش دراوەتە ئەفسوونگەرەکان کە بە مەبەستی خراپ بەکاریان هێناوە. ئەم باوەڕە دەگەڕێتەوە بۆ (یدە) یان (یدە ساحران) کە کتێبی میللی (نهێنیەکانی هەمزە)[15] بۆمان دەگێڕێتەوە. ئەم کتێبە دەگەڕێتەوە بۆ سەدەی سێیەم و چوارەمی

هیجری، لەناو کورد و لەناو گەلانی دیکەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ناسراوە.

هەڵبەت، بەو شێوەیەی کە ( M. ch. Virolleaud) لە گوتارەکەی خۆی لەسەر (ڕۆمانی ئەمیر هەمزە)[16] باسی ( یدە ساحران)ی کردووە، "هۆکارێك بووە یان هۆیەك بووە هێرشی سوپای دوژمن ڕاگرێ و بیچەقێنێ، هەڵبەت لە ڕێگای تۆف و ڕەشەبای ترسناك. سحرباز یا ئەفسوونگەر دەچووە سەر دوندی شاخێك، دوای ئەوەی زەوی بە ڕێکی دەماشت، ئەوەندە بەس بوو چەنگێك ئارد لەناو جامێك ئاو بکا و تێکی بدا بۆئەوەی ڕەشەبایەکی بەهێز وێڕای ڕێژنەی تەرزە ڕاستەوخۆ وەك دیوارێك لە پێش ترسناکترین سوپا قیت بێتەوە". نووسەر: (M. ch. Virolleaud) وای بۆ دەچێ کە ئەم دیاردەیە مەراسیمێکی زۆر کۆنە و پێشتر لە کۆنە داستانی بابلی (داستانی سۆمەری- وەرگێڕ). گەلگامشدا هاتووە و دەڵێ: "کە گەلگامش گەیشتە بن چیای سێدر، سوێندی خواردبوو داگیری بکا، چاڵێکی هەڵکەند و

چەنگێك ئاردی خستە ناوی، کەمێك دواتر، یانیش ڕاستەوخۆ، ئاسمان تاریك بوو، بایەکی شەختە ئامێز لە باکوورەوە هەڵیکرد و هات لە ناوەندی ڕوخسار و پشتی پاڵەوان خومبابا-ی دا کە خەریکی پاراستنی شاخەکە بوو، بە ڕادەیەك خومبابا نە دەیتوانی پێشکەوێ نەبێتە دواوە، ناچار بوو ڕاستەوخۆ خۆی بە دەستەوە دا".

لە کوردستان، بای گێژەڵووکەیی و گەردەلوولی، هەندێ جار گەلێك زیانبەخشە و تۆز و غوباری زۆر تێدایە و بینین زەحمەتە، ئەم بایانە وەك بای زۆر شەڕەنگێز و پڕ لە دێو و ئەجندە ناسراون. گوایە، ئەم دێو و ئەجندانەن بەرز دەبنەوە و لەناو هەوا بە دەوری خۆیان دەسوڕێنەوە و ئەتمۆسفێر تاریك دەکەن.

تێرمینۆلۆژی (= ناولێنان و زاراوە) کوردی ئەم جۆرە بایانە ڕەفتار و مەزنی لە ڕادەبەردەر و شەڕەنگێزی ئەم بایانەمان پیشان دەدەن، وەك: (دێوەلوول)، کە ڕاستەوخۆ دەکاتە (سووڕانەوەی دێو و ئەجندە) ئیشارەیە بۆ بای گەردەلوولی،

ئەمەش لە گەردەلوولی بچووکەوە بگرە تا دەگاتە هـــی گـــەورە (Cyclon). ناولێنـــانێکی دیکەشـــی هەیە، ئەویش سوورەی شەیتانە، واتە: جەژنی شەیتان. دەڵێن گوایە، ئەگەر دەرزییەك بخەینە ناو ئەم گەردەلوولە، دێو و ئەجندەکان دەبینرێن خەریکی چین و چی دەکەن.

ئەم بایە شەڕانگێزانەن کە دێو و ئەجندەکان وەك ئەسپ سواریان دەبن و قۆشمە و غارغارێن دەکـەن و لـە ئەسپەکانیان دانابـەزن. گـەڵێ جار شێوەی لوولەیی و ستوونی ئەم گەردەلوولانە بە دابـەزینی یـان ڕژانـی ئـاوی ئەسـتێرکی قـووڵی (تـانورە)ی ئاشـــی ئـــاوی ئێرانیـــەکان بـــەراورد دەکـەن کـە ئـاو بـە خێرایییـەکی لـە ڕادەبـەدەر و سەرسـوڕمێنەر دادەبـــەزێ. (هـــەمان شـــت لـــە ئوقیانووسـەکانیش هەیـە کاتـێ گێـژاو دروسـت دەبێ و شێوەی ستوونێکی لوولەیی وەردەگرێ- وەرگێـڕ) ئێرانیـەکان بـە وشـەی (تـانورە) تـەعبیر لـــەم وێنەیـــە دەکـــەن و لـــە هـــەمان کـــات بـــۆ گەردەلوولـە و تـۆف و هـاتن و چـوونی دێـو و ئەجنـدەکان لـەناو هـەوا بـەکاری دەهێـنن. ئـەم

هەموو بیر و وێنانە لەناو گشت ئەم حاڵەتانە بە تێکەڵاوی دەدۆزرێنەوە.

لە کتێبی (نزهة القلوب) و (عجائب المخلوقات) هەروەها بە پێی لێکسیکۆگرافی فارسی وشەی (باد خانی) بە مانای (سەرچاوەی با) دێ، ئەمەش ئیشارەیە بۆ ئەو سەرچاوە (کانی)یەی کەوتۆتە گوندی هەوا (=ئەتمۆسفێر)ی هەرێمی دامغان، یان ئەو پیسیانەی پەیوەندییان بە خوێن بینینی ژنانەوە هەیە)[18] تۆفان و ڕەشەبایەك هەڵدەکا ئەوەندە بەهێز دەتوانێ ئەسپێك بە ئەرز دادا. ئەم وەسفە لێکسیکۆگرافیە دەگەڕێتەوە بۆ پیرۆزی توخمی ئاو لە لای مەزداییستەکان و ئێرانیە کۆنەکان، پیسکردنی ئاو تاوانێك بووە و سزاکەی هەڵکردنی باو تۆفانی توندوتیژ بووە.

دیاردەی ئەم سزایە لە ڕێگای باو و ڕەشەبا لە لای کوردەکانی مەریوان هەیە و ئەمەش پەیوەندی بە دەریاچەی زرێبار-ەوە هەیە کە کەوتۆتە دوری شەش کیلۆمەتر لە ڕۆژئاوای قەڵای مەریوان. ئەم ئەفسانەیەی لەم بارەیەوە کە

خــەڵکی مــەریوان دەیگێڕنــەوە کورتەکــەی لــە دەستنووسێکی فارسیدا هاتووە بە ناوی (ریاض الخلـود) کـە لـە سـاڵی 1581 زاییینـی (= 989 هجـری) لـە لایـەن کـوردێکی ئـەم ناوچـەیە: مـەلا ئەبوبەکر هیدایەتوڵڵا گۆرانی کوردی، نووسـراوە و دە سـاڵێك لەمەوبـەر لـە گوتارێکمـان باسمـان کردووە[19]. بە پێی ئەم ئەفسانەیە، دەریاچەی زرێبار، سەرەتا شارێك بووە سێ سەد دەرگا و چوارسەد بورجی هەبووە. لە ئەنجامی گوناه و هەڵەی مەزنی دانیشتوانەکەی، شارەکە بە هۆی تۆفــان و ڕەشــەبا و ڕێژنــەی ئــاو دەڕوخــێ و نقــوومی بــن ئــاو دەبــێ. گوایــە ئــەم تۆفــان و ڕەشەبایە وەك سزایەك نێرراوە بۆ گوناهبارەکان.

دەربــارەی نــەژاد و بنچــینەی بایــەکان لــە ئەفســانە کوردییــەکان هەنــدێك لەگــەڵ ئــەوەن، گوایە بایەکان لە نێوان زنجیرە شاخەکان عاسێ بوونـە یـان زینـدانی کـراون و ئەوانـەی دەتـوانن هەوســار و زنجــیر بپســێنن، هەڵــدێن و دێــو و ئەجنــدەکانیش وەك ئەســپ خۆیــان دەخەنــە سەرپشـتیان و بـەرەو جێگـا و شـوێنی جیاجیا

قۆشمـەیان پـێ دەکـەن، ئەمانـەش زیـاتر بایـە شـەڕەنگێزەکانن وەك گـەردەلوول و گەردەلوولـە مەزنەکان (= Cyclones)

وشـەی (بـاد انگیـز) بـە مانـای (دروسـتکەر و هەڵکـەری بـا) دێ، لـە لێکسـیکۆگرافی فارسـی ناوی گوڵێکە ئەگەر دەستی لێبدەین و پەڕەکانی لەناو هەوا پەرت بکەین، دەبێتە هۆی هـەڵکردنی با. ئەم ڕوانین و لێکدانەوە دیاردەیەکی دیکەمان بەبیردەهێنێتـەوە، بـە تایبـەتی لـەلای هەنـدێ لـە خەڵکی کۆن، کە لەو باوەڕەدا بوون هەناسەدانی هەنـدێ ڕووەك دەبێتـە هـۆی هـەڵکردنی بـا. هـیچ بیرێکـی هاوشـێوەی ئەمـەمان لـەناو ئەفسـانە کوردییەکان بەرچاونەکەوتووە.

لەلای کوردەکانی ئەهلی هـەق، لـە ئەفسانەی خەلق و دروستکردنی جیهان با بوونی هەیە.

لە دەستنووسی (اعلام حقیقت) کە یـەکێ لـە کتێبـەکانی ئـەهلی هەقـە، دەگێڕێتـەوە کـە لـە سەرەتای خەلق کردنی جیهان، کاتێ کە جیهانی ڕوحـی پـێش هـەموو شـتێك دروسـت کـرا، نـە ئاسمان، نە ئەرز، نە ئەستێرەکان، نـە ئـاو، تـەنیا

با هەبوو. بێگومان لێرەش، ئەم بایە هەر تەنیا یەك شت نیە، بەڵکو هەواو و ئەتمۆسفێریش دەگرێتەوە، چونکە هێشتا بوون و وجودی نەبووە.

لە لایەکی دیکە، لە کۆسمۆگۆنی (=دروستبوونی گەردوون).

ئەهلی هەقەکان، هەروەکو لە سەرەوە بە کورتی باسمان کرد[20]، نابێ ئەوە لەبیر بکەین کە با بنچینە و زەمینەی ئەو هەڕەمەی خەلقکردن پێکدەهێنێ ئەو بەردە دەسووڕێنێتەوە کە لە بنی دەریایە.

لەناو دەریا ماسییەك هەیە و لەسەر ئەو ماسیە گایەك هەیە و بە شاخە (=قۆچ)ەکانی فریشتەیەکی ڕاگرتووە و ئەم فریشتەیەش بە هەردوو دەستەکانی گۆی زەوی بەرز ڕاگرتووە، کەواتە هەموو ئەمانە با ڕایگرتوون و گەردوونیش دەسووڕێنێتەوە.

لە کن ئەهلی هەقەکان، هەندێ جار خودا دێتە سەر جیهان، بەڵام پێش ئەوەی خۆی پیشان بدا لە شێوەی شەماڵێکی بۆندار

دەردەکەوێ و تەنیا ئەوانە هەستی پێدەکەن کە پێشبینی کەرن و دەتوانن ئایندە و بەخت بخوێننەوە (Voyant). بەم شێوەیە، بە گوێرەی نەریتی ئەهلی هەق، پێشبینی کەر و ئایندە و بەخت خوێنەرەوەی مەزن، پیرالی لە ولاتی مووردین (ملك موردین) چاوەڕێی دەکرد، ئەو قەولە جێبەجێ بێ کە شای جیهان (خودا) پێیدا بوو و بەو شوێنەدا تێپەڕێ.

لە شوێنێکی دوورەپەرێز چاوەڕێی دەکرد. پاش تێپەڕینی ماوەیەکی زۆر، خێزانەکەی ناچاریان کرد بگەڕێتەوە ماڵەکەی خۆی، بەلای کەمی بۆ خۆ شووشتن و جل گۆڕین. سەرەنجام قبولّی کرد و کوڕەکەی خۆی –عەلالە–ی لە جێی خۆی دانا و تێیگەیاند هۆشیار بێ.

لەم ماوەیە کوڕەکەی خەوی لێ دەکەوێ کە پیرالی دەگەڕێتەوە هەست دەکا کە بۆنی شای جیهان (خودا) وەك کزەبا و شەماڵی سپێدە تێپەڕیوە.

ئەگەر ئەنجامە خراپەکانی ناز و ڕیتمی جۆراوجۆری با وایان لە مرۆڤ کردبێ وەك (دێو و

درنـج) سـەیریان کردبـێ، بـە پێچـەوانەوە، ئـەو قازانجـەی کـە لـە بایـە سوومەندەکان وەرگـیراوە سروش و ئیلهامی ئەوەیان لەلای خـەڵك دروست کردووە خۆشیان بوێ و وەك برادەرێکی ئارامی مرۆڤ وەریانگرتووە.

لێرەوە بێ ئەوەی جارێکی دیکە بگەڕێینەوە سـەر لایـەنی سـوومەندی هەنـدێ تـەوژمی ئەتمۆسـفێری، پێشـنیاری ئـەوە دەکـەین بگەڕێینـەوە سـەر هەنـدێ لـەو ئیلـهام و سروشـانەی لـە ئـەدەبی کـوردی (بـە تایبـەتی شیعر) و فۆلکلۆری کوردی هەن.

با، بای هێمن، پەیامبەری خۆشەویستییە، بە هەناسەکانی بۆنی دولبەر (مەعشوق) دەهێنێ و هیـوای خۆشەویسـتییان دەگوازێتـەوە. ئەمـەش زیـاتر بـای شـەماڵە، بـای بـەیانیان و بایـەکز و ئارامەکانی ناوچەیی و ئەوانەی لەم جۆرەن.

لە گۆرانییە فۆلکلۆرییەکاندا هاتووە و دەڵێ:

"ئـۆ شـەماڵ، تـۆ داڵـدەی بـارانی و بـێ هاوڕێیـانی، کارێکـت پـێ دەسـپێرم دەبـێ بـۆم بکەی. نامەیەك بە خوێنی خۆم بۆ یار دەنووسم

کاغەز پێستم بێ. بڕۆ شەماڵ نامەکەم بگەیەنە".
(بە گوێرەی تێبینی د. محەمەد موکری، دەبێ ئەم چەند دێڕە دوو بەیتییەکی فۆلکلۆری بێ و لە کتێبی –گۆرانی کوردی– ترانەهای کوردی– یەکەی خۆی هەبێ و دوای گەڕان لە چاپە کۆن و تازەکەی نەماندۆزییەوە. بۆیە ئێمەش هەر لە فەرەنسییەکەوە وەرمانگێڕا. وەرگێڕ).

لە هۆنراوەیەکی دیکە هاتووە و دەڵێ:
"لە بەینی من و تۆ حەفت شاخ و شاخ هەیە، خۆزگە
شەماڵ هەناسەی خۆی بۆ دەهێنام هەڵم بمژیبایە.."
(بڕوانە تێبینی سەرەوە. وەرگێڕ).
یان دەڵێ:
تاقە گوڵێ بووم بەسەر یاڵەوە
عاجز بووم لە دەس بای شەماڵەوە.
یانیش دەڵێ:
تاقە گوڵێ بووم بۆ خۆم ئەشنیام
بای شەماڵ دای لێم لە ڕیشەکنیام[21]

نموونەی لەم جۆرەمان گەلێك زۆر هەیە، نەك هەر لەناو گۆرانییە فۆلکلۆرییە کوردییەکان

بــەڵکو لــەناو تــەواوی ئــەدەبی کــوردی و (هــەورامان) وەك ئەفســانەکان، پەنــدەکان و جۆرەکانی دیکەی شیعر کە گشتییان مۆرکێکی سادەی دێهاتیانەیان هەیە.

لە شیعرەکانی مەلا مستەفا بێسارانی[22] کە شاعیرێکی ناسکی زمانی هەورامانی کوردستانە (نووســەر بــۆ زاری هــەورامانی وشــەی زمــانی بەکارهێناوە. وەرگێڕ). لەژێر ناوی شەمالیات (=کزەبا یان بای باکوور) هەندێ شیعرمان دەستنیشان کردوون. لەم هۆنراوە زۆر ناسکانە، شاعیر ڕوو لە با دەکا و هەموو عاتیفە و سۆزی دڵی خۆی بۆ هەڵدەڕێژێ، دەڵێ:

"O, Semal qu'attends- tu?
O, Semal insensible, qu'attends-tu?
Va de ma part en messager chez que J'aime.
Dis-leur qu'ils aient de douces pense'es pour moi
Et. que leue coeur ne me fasse pas de faut.
Quils viennent me secourir contre les me'chants
De ce monde d'injustice et d'artifice.
Nous avons detourne la face vers le desert.
Que ce qui doit venir vienne
Puisque la roue ceeste n'a pas tourne a notre gre,
O Semal, nous Jurons de faire route rers le Pays de Cham".

(دوای گەڕان بە دوای ئەم شەش دێڕە شیعرە لەناو گشت چاپەکانی دیوانی بێسارانی، بە داخەوە کوردییەکەیمان نەدۆزییەوە، ڕەنگە د. محەمەد موکری لە دەستنووسێکی وەرگرتبێ، بۆ خۆشی سەرچاوەی شیعرەکەی دیاری نەکردووە. لەبەرئەوە وەکو خۆی بە فەرەنسی هێشتمانەوە، چونکە کردنەوەی بە کوردی جارێکی دیکە، تامی هۆنراوەکە زیاتر بزر دەکا. وەرگێڕ).

لێرەوە بە پێویستی دەزانم باسی نەریتێکی دڵگیری کچانی کورد بکەم کە بە چاوی خۆم لە هەرێمی کرماشان بینیومە. لە سێزدەمین ڕۆژی پاش سەری ساڵی ئێرانی (21 ئادار)، وەك نەریتێکی باو، شارنشین و گوندنشیەکان ڕوو لە دەشت و دەر دەکەن. گوایە ئەم نەریتە نەژادێکی ئەفسووناوی هەیە و جێبەجێ نەکردنی بەدبەختی دەهێنێ. بە هەمان شێوە ڕووکردنە دەشت و دەر بردنە دەرەوەی گشت بوونەوەرە شەڕەنگێزەکانە لە ماڵ. وا ڕێکدەکەوێ لەم دەرچوونە کچان دڵیان بۆ خۆشەویستی و

زەماوەنـد دەسـووتێ، لـەناو سـەوزایی و مێـرگ پیاسە دەکەن و چەپکە گیایان دەکەن و ڕوو لەو لایـە دەکـەن کـە بـای لێـوە دێ، سـۆز و هیـوا دەخـوازن ئومێـدیان بێتـە دی مێـرد بکـەن و منداڵیان ببێ. بوون و ئاراستەی با لەم نەریتە جوانـەی خۆشەویسـتی گرینگیـەکی فـەرامۆش نەکراوی هەیە.

لە لایەکی دیکە، تێبینیم کردووە، لە هەرێمی فـارس، لـە باشـووری ئێـران، بـە تایبـەتی لـە ناوچـەی شـیراز و جـەهروم و فـەزا، لـە کـاتی مەراسـیمی خـوازبێنی ئومێـدی هـەڵکردنی بـا دەخوازن. ژنان لە چواردەورەی تەختی بووك و زاوا گـۆرانی میللـی دەڵـێن کـە پێـی دەگـوترێ (واسـونك): "یـەکێك لـە ژنـان دەڵـێ، ئومێـدێکم هەیـە هیـوادارم خـودا بـەجێی بگەیـەنێ، بـا-ی دەریا هەڵنەکات. (مەبەست لەم بایە زیاتر بای شـەماڵە). زاوا وەك میرێـك، شـاد و بەختـەوەر تـەختی یـەك شـەوەی جـێ بهێڵـێ. ئـۆ بووکـێ، دایکی ئایندە، قەت لەسەر قژی زەردت ئازاری مەرگ نەبینم. سەد و بیست ساڵ بژیم و هەردەم

گوڵی باخچەکەت لێ بکەمەوە. با گەیشت، باران دنیای پڕکرد، ئاو ڕژایە داڵانەکان".

هەروەك دەبینین، بە تایبەتی لە یەکەم دێڕی ئـەم گۆرانیـە، بـا نـاوەڕۆکی سـەرەکی ئـەم گۆرانیەیـە کـە تایبەتـە بـە زەماوەنـد، ڕەمـزی بەختـەوەری بـووکی تازەیـە و بـۆ زاواش ڕەمـزی ئاسوودەیی و پەسەندی کە بۆتە خانوەنی کیژ- ێـك (عـذراء- Vierge)، بـە پێچـەوانەوە، بـە خـەمباری تـەختی یـەك شـەوە بـە ناشـادی و بەدبەختی جێدەهێڵێ. بێگومان پەیوەندییەك لە نێـوان ئـەم نەریتـە میللییانـە و ئـەو ئەفسـانە کۆنانـەی لـە سـەرەوە باسمان کرد، بە تایبـەتی لەمەڕ قوربانی و پاڕانـەوەکانی کیـژە جاحێلـەکان بۆ ڤەییو –Vayu– هەیە.

هەندێ جار شەماڵ بەرامبەر بە بای زەلان یان ڕەشەبا وەك بایەکی خراپ دادەنێن. مەولەوی کە یـەکێ لـە شـاعیرانی هـەورامانی کوردسـتانە، لـە دێڕە شیعرێکی ناسراویدا دەڵێ:

"هەنسکە ساردەکانی غەم کە وەك ڕەشـەبان، ڕەشماڵی ژیانیان دڕاندم".

لەگـەڵ ئەمـەش، لـە هەنـدێ بەیتـە شـیعری دیکـەدا، بـای هێمنـی شـەماڵ، هیـوای ئـەو بەختەوەرییـەی دەدەنـێ کـە لـە دولبەرەکـەی چاوەڕێی دەکا. لە قەسیدەیەکی ئەحمەد بەگی کۆماسی، کە بە ناوی "گڵکۆی تازەی لەیل"ە، کە بۆ ژنە جوانەمەرگەکەی هۆنیوەتەوە و یەکێکە لە جوانترین و دڵگیرترین پارچەی ئەدەبی، دەڵێ:

"دەبینـی وەك قەقنـەس (فینـێکس) دەبمـە خۆڵـەمێش و بـای زەلان و بـای شـەماڵ لە سـەرم کەیف دەکەن".

لـە یـەکی لـە گۆرانیـە میللیـەکانی بـاکووری کوردستانی ئێران کە بە ناوی "قوربانی دانە با" کچانی جاحێڵ کەزی و پارچەیەك لە جلوبەرگی خۆیان پێشکەش بە با دەکەن. عاشق لە پشت دەرگـا لـە کاتێکـدا بـای توندوتیـژی زریـانی پێدەکەوێ، بۆ دولبەرەکەی دەتوێتـەوە، ناتوانێ پێـی بگـا، چـونکە هەریەکـەیان ئەگەرچـی لـەناو هەوارێکن، بەڵام لەناو ڕەشماڵی جیا.

لە ئەفسانەیەکی کوردیدا هاتووە گوایە بای شەماڵ و بای زەلان دوو برای جمك بوونە بەڵام

چارەنووس و ژیانیـان پێچـەوانەی یـەکتر بـووە. یـــەکێك دەبێتـــەو شـــەڕەنگێز، ئـــەوی دیکـــەیان خێرخواز و چاکەخواز. دەڵێن کە هەردووکیان بە یەکـەوە هەڵدەکـەن، بەربـەرەکانی و خـەبات دژی یەکتر دەکەن. لە لایەکی دیکە، هەروەکو بینیمان، لـــە نێـــوان کەلـــەوا و زەلان، کـــەی لـــە شـــێوەی ئـــادەمیزاد بەرجەســـتە بـــوون، دووبـــەرەکی و شـــەڕێکی بـــەردەوام هەیـــە، بـــە تایبـــەتی لـــەو وەرزانەی هەردوو بایەکە بە یەکەوە هەڵدەکەن.

هەمیشـە ئـەم دوالێتیـەی (ثنائیـە– Dualite) دوو خواوەنـد، کـە یـەکێکیان ڕەمـزی چاکەیە و ئـەوی دیکـە ڕەمـزی خراپەیـە، لـە میتۆلـۆژی و بیری ئایینی کۆنی ئێـران تـەعبیری لـێ کراوە و پاشماوەکـــــانی لـــــەناو گێڕانـــــەوە (Recit) کوردییـەکان دەدۆزینـەوە. ئەمەیـە گرینگـی بیری لە زمان و ئەدەب و بیری میللی هەندێ هـەرێمی ئێـران کـە کوردسـتانە و لێـرە پیشـانمان دان، بێگومـــان، ئـــەم گوتـــارە، نوێشـــکێکە بـــۆ لێکۆڵینەوەی داهاتوو سوودی خۆی دەبێ.

ئەگەر بە دووبارەکردنەوە حسێب نەکرێ، بە پێویستمان زانی، ئەم گوتارە بە کەرستەیەکی لێکسیکۆگرافی و زماننناسی تەواو بکەین، ئەمەش بە دوو لیست: یەکێك بۆ وشە کوردییەکان، ئەوی دیکە بۆ وشە فارسییەکان. ئەو وشانەی لەم گوتارە هاتوون، نیشانەی ئەستێرەیەکیان لە سەرە.

## 1-لیستی وشە کوردییەکان.

**با*** (لە گشت زارەکان پێی دەگوترێ با، تەنیا لە کرمانجی نەبێ).

**بابلیسك** (ك. ب = کرمانجی باکوور) بای گەردەلوولی، بڕوانە فەرهەنگی ژابا[24]: بوبلزك، بوبلس: گەردەلوولە، پێدەچێ سیلابی (بو) بێ ئەگەر بە گرانی بگوترێ.

هاوتای (با) بێ، بەشی دووەم بە (isl) دەچێ.

واتە- bylr- کە دەکا گەردەلوولە.

**بادە رووە** – (بە تایبەتی لە هەرێمی کرماشان) بەو بایە گەردەلوولییە دەگوترێ کە بەفریشی لەگەڵە.

**بادەڤ**- (ك. ب) ئەو بایە گەردەلوولییەی بەفریشی لەگەڵە.

**باگەڕ**- (ك. ب) بای زۆر بەهێز کە بەفری لەگەڵە. (ريح شديده معها ثلج- بڕوانە: (لهدية الحميدية في اللغة الكردية). بڕوانە فەرهەنگی ژابا: باکژ، باغر، گەواڵە، ڕەشەبا، باگەڕ بۆگەڕ

(بە گوێرەی Rhea) بە بەراورد لەگەڵ فارسی: بادگرد، گردباد.

با هاتن– (ك. ب) با هەڵکردن.

بایەکی گەورە– (ك. ب) بای گەورە.

بایارەش– (ك. ب) بای ڕەش. بڕوانە فەرهەنگی ژابا: baya rish، واتە: Sirocco.

بای عاصی– پێکهاتوویەکی کوردی و عەرەبی هەیە، (ك. ب) بای بەهێز.

بایا بەهار– بای بەهار

بای چلە– ئەو بایەی لە چلە هەڵدەکا

بای دین– (ك. ب) بای شێت، بای سەرشێت. بڕوانە فەرهەنگی ژابا– ba-i-din

ژابا– ba-I- din

بای هامین– بای هاوین

بای مەوسمی (پێکهاتوویەکی کوردی و عەرەبی هەیە). بای وەرزانە. وەرزەبا. شەماڵ.

بای ملایم– بای سووك

بای موافق– بای گونجاو و ئاسایی. فارسی: باد موافق. بڕوانە فەرهەنگی ژابا: (ba-i-mauvfiq،

(ئەو بایەی لە باکووری ڕۆژهەڵات هەڵدەکا و بە ئاراستەی باشووری ڕۆژئاوا دەڕوا.

بای شەدید– بای توند، گەلێك زۆر بەهێز. فارسی: باد شدید.

بای شەماڵ– زاری سنەیی (پێکهاتوویەکی کوردی و عەرەبی هەیە).

بای شەماڵ لە زاری موکری: بای شمالی: لە کرمانجی باکوور، وای شەماڵ: لە زاری کرماشانی. واتە بای باکوور. فارسی: باد شمال.

بای پاییز– باد پاییز، باد خزان.

بای قبلە– ئەو بایەی لە قیبلەوە دێ.

بای قۆرغ– بای ڕۆژئاوا (ناوچەی ساوجبولاغی موکری).

بای تیلەکۆ– ئەو بایەی لە تیلەکۆوە دێ.

بای وەهار– بای بەهار

بای خۆرئاوا– بای ڕۆژئاوا

بای خۆرهەلات– بای ڕۆژهەلات

بای زەلان– بایەکی تایبەتە بە باشووری کوردستانی ئێران و میزۆپۆتامیا، لەسەر

پانتاییەکی فراوان لە باکوورەوە بۆ باشوور هەڵدەکا. بڕوانە زریان.

بای زستان- بای زستان

بای زریان- (زاری موکری) هەمان ئەو بایەی لە باشوورەوە هەڵدەکا.

بووران- (بنچینەیەکی تورکی هەیە). ڕەشەبا.

دیوەلوول- بای گەردەلوولی.

گەردەلوول- (زاری سنەیی) گەردەلوول (زاری کرماشانی)

گەردەلوولان- بای گەردەلوولی (زاری سنەیی)

گەردە تووچ - (زاری کرماشانی) بای گەردەلوولی.

گەردەبا- (زاری سنەیی) بای گەردەلوولی.

گێژەبا- (زاری سنەیی).

گێژەلووکە- (زاری هەورامانی و ناوچەی مەریوان). بای گەردەلوولی.

هاژە- (زاری سنەیی) ناوی دەنگی با.

کەلەوا- (بای باشووری ڕۆژئاوا. (زاری کرماشانی).

کزە- کەزە، (گشت زارەکانی کوردی) ناو بۆ شتێك کە بسووتێ، دەنگی سووتێنەری بایەکی لەسەرخۆ، نەسیم. وەرگێڕ).

کوولاك- ڕەشەبا

لە با بوون- (ك. ب) هەڵکردنی با.

ڕەشەبا- (سنەیی، هەورامانی، کرمانجی) بای باکووری ڕۆژئاوا، بڕوانە ڕەشەوا، قەرەهێڵ.

ڕەشەوا- (زاری کرماشانی) ڕەشەبا.

سابوون- (زاری کرمانجی، سنەیی، هەورامانی و گۆران-ی کۆن). بای ژەهراوی، سموم- Simoun

شلێوە- (ناوچەی سنە) ڕەشەبای تێکەڵ بە بەفر و باران.

شەلتە- (ناوچەی سنە) ساردی و بای پاییز.

شارا- گەرمایی و بای گەرم.

ساوین- (ناوچەی کرماشان، بە تایبەتی ناوچەی گۆران و سەنجابی) بای ژەهراوی. سموم.

شەمالە- (زاری گۆران) بای سووك و هێمن.

شەماڵ، شمال- بڕوانە بای شەماڵ.

شـــەنە، شـــەنۆ- (زاری ســـنەیی و زاری کرمانجی) هەڵکردن.

سـەرەزە- (بـە تایبـەتی لـە زاری کرماشـانی) ساردی و سەخت و کوشندە.

سـۆزە، سـووزە- لـە فرمـانی سـۆزیان-ەوە هـاتووە (فارسـی سـوختن). تینـی سـووتێنەری بایـەکی سـارد (کـزە. وەرگێـڕ). زەلان، ڕەشـەبا، قەرهێڵ.

سـوورە شـەیتان- جـەژنی شـەیتان (زاری کرماشانی) ڕەشەبا.

قـەرەهێڵ- بـای بـاکووری ڕۆژئـاوا. ڕەشـەبا و ڕەشەوا.

قـــەرهێڵ چـــەفت- (زاری کرماشـــانی و هەورامانی) ڕەشەبای خوار. فارسی: بادگژ.

قوولـەوا- (ناوچـەی کرماشـان) ئـەو بایـەی لـە ئاراستەی قیبلەوە دێ. بای باشوور.

تۆف- تۆفان.

تۆفـان- ئـەم وشـەیە لـە عەرەبییـەوە هـاتووە (طوفان)، بەڵام ڕەنگە پەیوەندی بە بـای تیفۆن-

Typhon ەوە– هەبێ کە بنچینەیەکی چینی هەیە:
تافونگ– Tafung.

ڤــەرزەبا– (زاری کرمــانجی بــاکوور) بــای بــاکووری ڕۆژهــەڵات. بڕوانــە فەرهــەنگی ژابــا:
ڤەرزەبا – Varza-ba.

ڤەزن – (ک. ب) هەڵکردنی با.

وا– (زاری کرماشانی) با.

واهاتن– (زاری کرماشانی) باهەڵکردن.

وەرفــەرووە– (زاری کرماشــانی) بــەفروبای توندوتیژ.

وای بەهار– (زاری کرماشانی) بای بەهار.

وای هەنەك– (زاری کرماشانی) بای هێمن. لە کرمانجی باکوور: بای هەنك.

وای نەجـەف– (زاری کرماشـانی) ئـەو بایـەی لە ئاراستەی نەجەفەوە دێ.

وای شەمال – (زاری کرماشانی) بای باکوور، بای شەماڵ.

وای پراو– (زاری کرماشانی) بایەکە تایبەتە بــە ناوچــەی کرماشــان لــە چــیای پــراو–ەوە هەڵدەکا.

**وای ڕۆژهـــەلاّت– (زاری کرماشـــانی) بـــای ڕۆژهەلاّت.**

**وای خۆرئـــاوا– (زاری کرماشـــانی) بـــای ڕۆژئاوا.**

**وای زەلان– (زاری کرماشانی) بای زەلان.**

**وازیـــن– (زاری کرماشـــانی و گـــۆران–ی) هەڵکردنی با.**

## لیستی ناوە فارسییەکان

باد اصفهان- هەمان بای زەلان-ە لە ناوچەی هەمەدان و مەهرابان.

باد بهار- بای بەهار، هاوتای باد نوروز-ە (برهان قاطع)

باد بهمن- بای مانگی بەهمەن، دووەمین مانگی زستان= باد زمستان.

باد برین- بای باکوری ڕۆژئاوا- بای باشووری ڕۆژئاوا. هاوتای باد شبا، باد دبور. (برهان قاطع)

باد دبور- (لە عەرەبی و فارسی پێکهاتووە). بای ڕۆژئاوا، بای باشووری ڕۆژئاوا.

باد فروردین- بای مانگی فەروەردین. یەکەمین مانگی بەهار. هاوتای بای بەهارە.

باد فرودین- بای ڕۆژئاوا، بای باشووری ڕۆژئاوا.

باد هرات- بای باکووری ڕۆژهەڵات. (برهان قاطع)

باد جنوب- بای باشوور.

**باد کژ- بای گێژ، بای باکووری ڕۆژهەڵات. هاوتای (باد نکبا)یە. (برهان قاطع)**

**باد مغرب- بای ڕۆژئاوا**

**باد مشرق- بای ڕۆژهەڵات.**

**بای مراد- بای مراد. بای بەسوود.**

**باد مرداد- بای مانگی مورداد. دووەمین مانگی هاوین. هاوتای بای تابستانە. (باد تابستان).**

**باد مساعد- بای یاریدەدەر و گونجاو.**

**باد موافق- بای یاریدەدەر و گونجاو**

**باد مخالف- بای شەڕەنگێز.**

**باد نکبا- بای باکووری ڕۆژهەڵات، بای ناوەندی نێوان دوو بای سەرەکی. هاوتای باد کژ-ە.**

**باد نوروز- بای ساڵی نوێ، بای بەهار. (برهان قاطع).**

**باد پاییز- بای پاییز، هاوتای باد خزان-ە.**

**باد قاغذان- ناوی بای ڕەشەبای شاری رەی و شەهریار-ە (بڕوانە بدایع)**

**باد قوی- بای زۆر بەهێز.**

باد راز- ناوی بای زەلان-ە لە قەزوین، بە تایبەتی لە ناوچەی زەهرا.

باد صبا- بای باکووری ڕۆژهەڵات. هاوتای باد برین-ە، بای بەیانیان.

باد شدید- ڕەشەبا.

باد صدوبیست روزه سیستان- بای 120 ڕۆژەی سیستان.

باد شهریار- ناوی بای زەلان-ە لە ناوچەی تاران.

باد سموم- بای گەرم و ژەهراوی- Simoun

باد سخت- ڕەشەبا.

باد شمال- بای باکوور. (برهان قاطع).

باد تابستان- بای هاوین.

باد طالقان- ڕەشەبای ناوچەی تاران (بڕوانە بدایع).

باد خزان- باد پاییز.

باد زستان- بای زستان.

باد و بوران- ڕەشەبای مەزن تێکەڵ بە ڕێژنەی بەفر و باران.

بوران- (بڕوانە لیستی یەکەم).

دیوباد– ڕەشەبا. گەردەلوولە.

گرد باد– گەردەلوولە.

کولاك– ڕەشەبا. بڕوانە لیستی یەکەم.

نیسم– کزەبا.

نسـیم صـبا– کزەبـای بـاکووری ڕۆژهـەڵات، کزەبای بەیانیان.

نسیم سحر– کزەبای بەیانیان.

تندباد– بای بەهێز، ڕەشەبا.

طوفان– ڕەشەبا، تۆف. بڕوانە لیستی یەکەم.

## سەرچاوەکان و تێبینی:

1-بـــدایع اللغـــة- فەرهـــەنگێکی کـــوردی- فارسی- یەو لە لایەن عەلی ئەکبەر کوردستانی لە 1287هـ. (=1870ز) نووسـراوە. دەسـتنووس لـە کتێبخانەی مەجلیس- (=پەرلەمانی ئێران).

2-کەربـەلا- شـارێکی پـیرۆزی شـیعەکانە لـە عێـراق، گـۆڕی ئیمـامی شـەهید حوسـەین نـەوەی پێغەمبـەری لێیـە کـە بـە دەسـتی ئەمەوییـەکان کوژرا.

3-شـارێکی دیکـەی پـیرۆزی شـیعەکانە لـە عێراق، گۆڕی عەلی جێنشینی پێغەمبەری لێیە.

4-Normand. The effect of high temperature, humidity and wind on the human body, dans Quart. Journ. Of the Royal Meteoro logical soc. Janary. 1920.

5-Paris 1940. P. 101.

6-J. DRMESTETER. Le Zend- Avesta, t. ll. P. 578- 579. (Paris, 1982).

7-CF.H.S.NYBERG. Questions de cosmogonie et de cosmologie mazdeennes, dans JA. Avril- Juin 1929, p. 208.

8-بە گوێرەی بونداهیشن.

9-بە گوێرەی رام- یەشت.

10-DARMESTEER. Ibid,. p. 579.

11-دەستنووسی خۆم. لا- 110-114.

12-Jules Molt. Le livres des Rois. t. ll. Paris, 1876. P. 436-441.

13-Darmesteter. Le Zend- Avesta-

-M. MOKRI. Contribution Scientifique aux etudes Iraniennes. (Recherche de kurdologie) Librairie Klineksieck. Ll. Rue de Lille. Ll. Paris. 7e. 1970.